# ئەوانەی دەنگ بۆ پەرلەمانی عێراق نادەن، سزادەدرێن.

## هیشام ئاکرەیی

لەسەر بەفرێکی لە سڕدا بڕکی و بە جل و بەرگی کوردییەوە لە وڵاتی سوید، شایی دەکرد. عارەق و خوهدانەکەی لە ڕێگادا بەرەو پێڵاوەکانی دەبەستزا. دەموچاوی سوورهەڵگەڕابوون و هەناسەکەی وەک هەڵمی سەرشۆیەک (حەمام) لە دەمیدا دەردەکەوت و میکروفۆنی یەیامنێری کەناڵی کوردساتی، کە ڕێوڕەسمەکانی دەنکدانی کوردانی دانیشتووی سویدی بەسەر دەکردەوە، تەڕ و شلی دەکرد.

ئەو خەڵکە دەبینی! هەمووان لە پێناو کوردستاندا هاتوون دەنگ بدەن. دەبێ ئەو کوردانەی ئیستا لە ماڵی خۆیان دانیشتوون و ئێمەی لەم سەقا و ئاووهەوا ساردەدا، ماڵەکانمان بەجێهێشتووە، لە یەکتری جیابکرێنەوە. ئەوانە دەبێ لە خێر و بێری ئەم دەنکدانە و داهاتووی کەشی باشووری کوردستان بێبەش بکرێن و ئێمەش خەلات بکرێین.

ئەوەی سەرەوە داواکاری دەنگدەرێکی کورد بۆ لە دەسەڵاتی باشووری کوردستان. کامیرای کوردساتیش وەک ئەمانەتێکی ڕۆژنامەوانی و کارێکی بابەتیانەی میدیای کوردی، وەک خۆی و بەبێ دەستکاری و تەعلیق بڵاوی کردەوە.

هەلبەتە، ئەو داواکاری و هەڕەشەیە تەنیا لەو هاولاتیە خۆشەویستە دەرنەکەوتووە، کە لەوانەیە لە دڵسۆزی خۆیەوە ئەو قسەی کردبێت، بەلکوو لە گەلێ بەرپرسیاری باشووری کوردستانیش دەرکەوتووە. ئەمەش بەڵگەیەکی ساکار و بچووک و بێگومانە لەسەر پێنەگەیشتنی دیموکراسی لای هەندێ کەس و دەسەڵاتداران و تاوەکوو ئێستا پێیان وایە ئەوەی وەک ئەوان بیرناکاتەوە و لەگەڵ بڕیارەکانی ئەواندا نەبێت، نەزان و نەفامە و لەسەر ئەو نەزانینە دەبێ سزا بدرێت. هەروەها ئەوەی دەنگ دەدات دەبێ خەلات بکرێت و پارەیەکی باش و جێگایەکی باشیش بۆ تەرخان بکرێت.

پێویستە بزانرێت کە دەنگدان مافە، نەک ئەرک. هەر کەسێک بۆی هەیە بە گوێرەی بۆچوونی خۆی ئەو مافە بەکار بێنێت. هەر بۆیەش نە ئەوەی دەنگ دەدات خەلات دەکرێت و نەش ئەوەی دەنگ نادات سزا دەدرێت. ئەمە تێگەیشتنێک و جێبەجێکردنێکی هەڵەیە بۆ دیموکراسی.

گرنگیدان بەو دەنگانەی کە بەو شێوەیە باسی ئەو کەسانە دەکەن کە دەنگیان نەداوە، هەڕەشەکردن لەو کەسانە و لە هەمان کاتدا پشتگیریکردنیان لە لایەن ڕاگەیاندنی دەسەڵاتدارانی کوردستان و پشتگوێخستنی ڕای ئەو کەسانەی کە بەشداربوون لەو هەڵبژاردنەدا بە هەڵە دادەنێن، نیشانەی ڕەزامەندی دەسەڵاتدارانە لەسەر ئەو قسە و هەڕەشە و سۆکایەتی کردنانە.

دڵسۆزی گەلی کورد بۆ کوردستان و دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ، گومانی تێدانییە. ڕژیانی جەماوەر بۆ سەر جادەکان بە ئاڵای کوردستانەوە و ئامادەبوونیان بۆ هاتنی دوو سێ جارەکی بۆ سندۆقەکانی دەنگدان، جێگای سەربەرزی هەر کوردێکن. بەڵام پێویستە ئەو گەلە بزانێت دیموکراسی چییە و سەیری دیوی تری هەڵبژاردنەکانیش بکات. پێویستە بزانن بۆ هەندێ کەس دەنگ نادەن.

سادەترین هۆ بۆ دەنگ نەدان، ڕازی نەبۆنە لەسەر گرێدان و لکاندنی دووبارەی باشووری کوردستان بە عێراقەوە. تەنیا ئەو هۆیە بای ئەوە دێنێت، ڕێز لەو کەسانە بگیرێت کە دەنگ نادەن.

وەکوو تر، هەر کاتێک تۆڵەی شەهیدانی کوردستان و ئەنفالەکان و هەڵەبجە سەندرایەوە، هەر کاتێک کۆنە بەعسی و سەرۆک جاشەکان سزا دران، هەر کاتێک خاوەن فایلەکان لە کوردستان دوورخرانەوە، هەرر کاتێک سەرەک جاشەکان و بەعسیەکان و ئەوانەی دەستیان بە خوێنی هەزاران ڕۆڵەی گەلی کورد سوور لە دەسەڵاتی باشووری کوردستان دوورخرانەوە، هەر کاتێک ئەوانەی هەزاران ڕاپۆرتیان لەسەر کەسانی دڵسۆزیان نووسیوە سزادران، ئەو کاتە با داوای سزادانی ئەو کەسانەش بکەن کە لە هەڵبژاردندا بەشدارنابن. و بۆ بەشدارنابن؟؟ چونکە نایانەوێت جارێکیتر ئەو گەلە بە دەستی خۆی تووشی ئەنفال ببێت و ببن بە عێراقی پلە سێ نەک دوو.

نەک تەنیا ئەوە، بەلکوو، هەر کاتێک ڕێزێکی شایەشتەیان لە بنەماڵەی شەهیدان و خەباتگیرانی کوردستان و زیندانیە سیاسیەکانی کوردستانیان گرت، ئەو کاتە با باسی لەیەک جیاکردنەوەی بەقسەی ئەوان خراپ و باشەکان بکرێت.

**کێ دەڵێت ئەوانەی دەنگ نادەن خراپن و دڵسۆز نین!!! سبەی و لە دوای چەند مانگێکی تر، خەتای هەموو مەینەتیەکان و کوشتنی گەلی کوردستان، لەسەر دەستی لەشکری بەشەرەفی عێراق و سیستانیەکان و موقتەداکان، دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی دەنگیان داوە و بانگەشەی خەڵکیان کردوە بۆ دەنگدان. باشە ئەو کاتە چی دەڵێن؟؟؟؟ ئایە ئەو هەموو گەلە بکوژرێت و سزا بدرێت؟؟؟ ئایە چ لەو پەنجانە بکرێت کە بە خوێنی کورد خرانە ناو مەرەکەبی هەڵبژاردنەوە!!!**

**با لە دیموکراسی و مافەکانی تاکەکان تێبگەین. هەر کاتێک تاوانباران سزادران، ئەو کاتە با بێتاوانەکان و کەسانی دڵسۆزیش سزا بدرێن!!!!**